نارەزایی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوی قەدەغەیە

بە پێی بانگهێشتی کۆمیتەی ژنانی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستانو بەمەبەستی نارەزایی نیشان دان لەمەڕ ڕفاندنو ئازاردانی خانمی سروە کامکار ئەندامی چالاکیلقی مەهابادی ئەم کۆمیتەیە (کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی گرێدراو بە سوپای پاسداران بەئەنجام گەیشت بوو)، بەمەبەستی وەرگرتنی ئیزن بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی نارازییانەی ئاشتی خوازانەو هێمنانە، رۆژی سێشەممە ٢٠٠٦/١/١٠ ژمارەیەك لەچالاکڤانی مەدەنیو ژنانی پارێزەری مافی مرۆڤ سەریان لەفەرمانداری مەهەباد دابوو، داوای مۆڵەتیان کردبوو تا رۆژی شەممە ٢٠٠٦/١/١٤ کاتژمێر ١٠ لەمەیدانی شارەداری مەهاباد کۆبوونەوەیەك بەڕێوەببەن. دوای بەڕێوەچوونی گەلێك دانیشتنو جەلەسەی بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی ئاسایشی ئەیالەتیو شارستانو ئۆرگانەکانی پێوەندیدار، تاو و توێ کران.

لەکۆتاییدا رۆژی هەینی ٢٠٠٦/١/١٣ کاتژمێر ٥و نیو، خانم (زێنەب بایەزیدی) و (شێرکۆ جیهانی ئەسڵ) ئەندامانی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان، بەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆن بەمەبەستی بەشداری کردن لەدانیشتنێك لەسەر لێکۆڵینەوەو تاوو توێ کردنی داخوازی ناوبراو، بۆ فەرمانداری بانگێشت کرابوون. بەڵام هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد بەر لەچوونی ئەم دوو چالاکڤانەی مافی مرۆڤ بۆ ناو ژووری فەرمانداری، ئەوانیان بەزۆری سواری ماشێن کردبوو، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتیان ڕاگواستبوون. کاتژمێرێك دوای لێپرسینەوەی نایاسایی و بێ ئیزننامەی دادگا، لەئەنجامدا بۆ فەرمانداریان گەڕابوونەوەو لەکۆبوونەوەیەك دا کە فەرماندار، جێگری فەرماندار، ژمارەیەك لەهێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات، هێزەکانی گرێدراو بەقەرارگای تیپی تایبەتی سەیدوشوهەدا، نوێنەری شار، بەرپرسانی سپای پاسداران، دادستانی دادگای ئیقیلابو... لەناویدا ئامادەببوون، بەشدارکران. لەماوەی ئەم دانیشتنەدا کە شەش کاتژمێری خایاند، هێزەکانی ناوبراو هاوکات لەگەڵ هەڵوێستێکی توندو تیژو بەسیاسی نێو زەد کردنی مەسەلەکەو هەوڵدان بۆ بەڕێوەنەچوونی نارەزایی، بەهۆی پێداگری هەردوو ئەندامەکەی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ، لەئەنجامدا لەکاتەکانی کۆتایی شەودا بریاری ئیزن دان بەکۆبونەوەکەیان بە شەرتی دابین کردنی ئاسایش لەلایەن بەشدارانی (میتینگ) و پێش گرتن لەهەر جۆرە توندو تیژیەك، دەرکرد. بەم شێوەیە بریاردرا کە بۆ وەرەگرتنی ئیزننامەی نووسراو، رۆژی شەممە کاتژمێر ٨ ی سەرلەبەیانی ژمارەیەك لەژنانی بەڕێوبەری کۆبوونەوەکە بچنە فەرمانداری. بەڵام لەکاتی دیاری کراو نەتەنیا ئیزنیان پێ نەدرا، بەڵکوو بەسەدان کەس لەهێزەکانیان بەجلو بەرگی (سڤیل)و ئینتیزامی بەڕاوەستانیان لەمەیدانی شارەداری پێشیان لەنارەزایی دەربڕینی ژنان گرت. لەلایەکی دیکەوە، ژنانی نارازی بەمەبەستی پاراستنی هێمنایەتیو بەرگری کردن لەتووندو تیژی، لەجیاتی نارەزایەتی دەربڕین، دەستیان بەبڵاوکردنەوەی شیرینی بەنێو هێزەکانی ئامادە بە نکۆڵی کردن لەنەتەوەی کوردو سەدنەوەی ناسنامەی وڵاتیبوون لەکوردان کراوە. دووپات کراوەتەوە کە دەوڵەتی سوریا لەسەر بنەمای رەگەزپەرستیو دەمارگیری نەتەوەی عەرەب هەڵچنراوەو بوونو مافی کوردی لەژێر پێناوە. بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو هەوڵی تواندنەوەی کوردی داوەو خاکی کوردانی داگیرکردووە. لێکۆڵینەوەکە ژمارەی کوردی سوریای بە یەك ملیۆنو حەفت سەد هەزار کەس قەبڵاندووەو نووسیویەتی رێژەی کورد لەسوریا لە ١٠٪ زیاترە. لێکۆڵینەوەکە باسی لەسەرهەڵدانو دروستبوونی حزبەکانی رۆژئاوای کوردستان کردووەو نووسیویەتی: (یەکەمین پارتی کوردی لەسوریا، پارتی دیموکراتی کوردستان - سوریا بو کە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوەو ئێستا زیاتر لە ١٣ پارتی کوردی لەسوریادا هەنو بە نهێنی کارو چالاکیەکانیان بەڕێوەدەبەنو لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی رەوای کوردان تێدەکۆشن).

سەرچاوە: www.riia.org

لەناوچەکەدا کردو هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆیان، لەگەڵ تەواوی هەڕەشەو مەترسیەکان، بەم شێوەیە نیشاندا. کەچی بەم حاڵەشەوە ژمارەیەك ژن لەلایەن تاقمێك کەجلو بەرگی سڤیلیان لەبەردابوو، تووشی بێ رێزی، بەدوا کەوتنو هەڕەشەی ڕفاندن بوونەوە.

لەم نێوەدا خانم زێنەب بایەزیدیو شێرکۆ جیهانی لەبەڕێوەبەرانی ئەم رێو رەسمە، رایانگەیاند: ئەم جۆرە کردەوانە بەتەواوی لەدژی بەڵێنەکانو بەرهەمی دیالۆگو گفوگۆکانی شەوی هەینی بووە کە لەگەڵ بەرپرسانەوە ئەنجامیان داوەو ئەمەشیان وەبیرهێنایەوە کە ئاکاری لەم شێوەیە بەتەواوی دژی مافەکانی مرۆڤو دژی یاسایە، چوونکە بەردەوامی ئاکاری سەرەڕۆیانەی ژمارەیەك لەهێزەکانی ئاسایشیو ئینتیزامی، ئاسایشی هاوولاتیانی شاری مەهابادو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەمەترسییەکی جددی دەهاوێت. شایانی باسە ماوەیەکە ئەندامانی ناسراوی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان، دووچاری مەترسییەکی زۆر بوونەتەوەو لەژێر هەڕەشەو تۆقاندن دان.

پەیامنێرانی رێکخراوی

پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان

ئەستەنبوڵ یادی کۆماری کوردستان دەکاتەوە



بڕیاروایە کاتژمێر ١٣ ئەمڕۆ، یەکشەممە ٢٠٠٦/١/٢٢، وەقفی فەرهەنگو لێکۆڵینەوەی کورد (کورت - کاڤ) کە رێکخراوێکی فەرهەنگی کوردیە، مەڵبەندی سەرەکی لەشاری ئەستەنبۆڵی وڵاتی تورکیادایە، بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد سیمینارێك بۆ پرۆفیسۆر عەباس وەلی ساز بکات. یادکردنەوەی کۆماری کوردستان لەشاری ئەستەنبۆڵ واتاو لێکدانەوەی تایبەتی هەیە و سەرەتای هەنگاوێکی بوێرانەو ئەرێنییە کە رەوەندی کورد لەو شارەدا هەڵیدەگرێتەوە. حکومەتی تورك بە درێژایی سەدەی رابردوو زۆر سەرسەختانە نکۆڵی لەهەبوونی نەتەوەی کورد دەکرد، زمانی کوردی قەدەغە کردبوو، لەسەر بەکارهێنانو ناوبردنی وشەی کورد ئازادیخوازانی راپێچی زیندان دەکرد و سزای دەدان، کەچی ئەمڕۆ ناچارە لەگەڵ باهۆزی دیموکراسی رێبکاتو رێگە بدات بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەشاری ئەستەنبۆڵدا سیمینار سازبکرێو خەڵك بەشکۆوە باس لە مێژووی کۆماری کوردستان بکەن.

سەقز: دوو کورد سزای زیندانیان بەسەر سە پێنرا

بەگوێرەی هەواڵەکان، دادگەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هۆبەی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان سزای ٥ ساڵ زیندانی بەسەر چالاکڤانانی سیاسی (لوقمان میهری) داسەپاندووە. ناوبراو لاوێکی ٢٨ ساڵەیەو لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٥ دا لەئاکامی سەرهەڵدانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستگیر کرابوو. دادگا تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ کە یەکێك لەبەڕێوەبەرانی راپەڕینەکانی شاری سەقز بووەو بە ماتۆرسیکل بۆمبی ئاگرینی هاویشتووە، براو خاڵێکیلەریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دان. هەمان دادگە سزای ٢ ساڵ زیندانی بۆ (ئەفشین محەمەدی) بڕیوەتەوە کە تەمەنی ٢٢ ساڵە. ئەوەی شیاوی باسە لوقمان میهری لەسزایەکی دیکەدا بەتۆمەتی بەشداریکردن لەکۆبوونەوەکانی داکۆکیکردن لەژنان بە شەش مانگ زیندانیو لێدانی ٢٥ قامچی سزادرابوو، ئەو سزایەشی لەزیندانی کەرەج تەواو کردبوو.

دروستکردنی بەنداوێك هەڕەشە لە دانیشتووانی ٤ گوند دەکات

ساڵێك لەمەوبەر، پرۆژەی دروستکردنی بەنداوێك لەناوچەی کەلاتەرزانی (سنە) لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بڕیاری لەسەر درابوو. ئەگەر ئەم پرۆژەیە بخرێتە بواری کردارییەوە ژمارەیەك ئاوایی و گوندی ناوچەکەو زەویو زاری خەڵك ژێر ئاو دەکەون، گوندەکانی "بنیەر"، "زونج"، "خانەقای جووجوو" و "باقلاوا"، دەکەونە چەقی پرۆژەکەوە. کارەبەدەستانی پارێزگای کوردستان چەند مانگ لەمەوپێش، خەڵکی ئەو ٤ ئاواییەیان ئاگادار کردبوو کە دەبێ گوندەکانیان چۆڵ بکەنو لەنزیك شاری بیجار نەیشتەجێبن، لەبەرانبەر ئەو زەرەرو زیانەی کە لێشیان دەکەوێ، بەبڕە پارەیەك قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام دانیشتووانی ئەو گوندانە ئەو قەرەبووە بە کەم دەزانن کە بۆیان دیاری کراوە. لەسەرەتای ئەم مانگە بەرپرسانی پرۆژەکە بەیارمەتی هێزێکی ئینتزامی، دەستی بەکێشانی کەلوپەلەکانی دروست کردنی بەنداوەکە کردووە، بەڵام خەڵکی ئەو ٤ ئاواییە بەکۆبوونەوەی گشتیو هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان، تا ئێستا نەچوونەتە ژێر باری ئەو بڕیارەو گوندەکانیان جێنەهێشتووەو هەڕەشەیان کردووە کە ئەگەر دەوڵەت وازیان لێنەهێنێ یان داواکارییەکانیان قەبوڵ نەکا، ناچار دەبن بەکۆمەڵ پەنا بۆ وڵاتێکی دراوسێ ببەن. لەم بارەیەوە نامەی داواکارییان بۆ پارێزگاری نوێ پارێزگای کوردستان لەشاری سنە رەوانە کردووە.

Chatham House

لێکۆڵینەوە لەسەر رۆژئاوای کوردستان دەکات



دەزگای چاتهام هاوس دەزگایەکی بەریتانیە، لەپێشترینو ناودارترین دەزگای لێکۆڵینەوەی پرسی نێونەتەوەییە، لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لەسەر کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن رۆبەرت لاو، بەرپرسی بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناڤین لەدەزگەی چاتهام هاوس ئەنجام دراوەو ناوی (کوردانی سوریا، گەلێکی دۆزراوە) ی لێنراوەو بە هاوکاری زانستگەی (ئەدینبۆرگ) بەرهەم هاتووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە رۆژی ٩ـ١ـ٢٠٠٦ لەماڵپەڕی دەزگای چاتهام هاوس بڵاوکراوەتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: (دوای دەیان ساڵ بێدەنگی، ئێستا کوردانی سوریا دەنگیان دەبیسترێ. ئەو دەستکەوتانەی کورد لەعێراق وەدەستی هێناون، هیواو بڕوایەکی گەورەی بە کوردانی سوریا بەخشیووە).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە دوورودرێژی باس لەو ستەمو زۆرداریانەی رژێمی سوریا دەرهەق بەکوردان کراوە. ئاماژە بە نکۆڵی کردن لەنەتەوەی کوردو سەدنەوەی ناسنامەی وڵاتیبوون لەکوردان کراوە. دووپات کراوەتەوە کە دەوڵەتی سوریا لەسەر بنەمای رەگەزپەرستیو دەمارگیری نەتەوەی عەرەب هەڵچنراوەو بوونو مافی کوردی لەژێر پێناوە. بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو هەوڵی تواندنەوەی کوردی داوەو خاکی کوردانی داگیرکردووە. لێکۆڵینەوەکە ژمارەی کوردی سوریای بە یەك ملیۆنو حەفت سەد هەزار کەس قەبڵاندووەو نووسیویەتی رێژەی کورد لەسوریا لە ١٠٪ زیاترە. لێکۆڵینەوەکە باسی لەسەرهەڵدانو دروستبوونی حزبەکانی رۆژئاوای کوردستان کردووەو نووسیویەتی: (یەکەمین پارتی کوردی لەسوریا، پارتی دیموکراتی کوردستان - سوریا بو کە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوەو ئێستا زیاتر لە ١٣ پارتی کوردی لەسوریادا هەنو بە نهێنی کارو چالاکیەکانیان بەڕێوەدەبەنو لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی رەوای کوردان تێدەکۆشن).

سەرچاوە: www.riia.org

هەواڵ

حەسەکە: کوردێك دەگیرێ

رۆژی ٢٠٠٦/١/١٧ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لەسوریا بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو هەواڵی گرتنی کوردێکی بۆ رای گشتی ئاشکراکردووە. بەگوێرەی بەیاننامەکە رۆژی ٢٠٠٦/١/٧ ولاتی (هادی ئیبراهیم) ی تەمەن ٥٢ ساڵ لەلایەن هێزێکی ئاسایشی وڵاتی سوریاوە لەپارێزگای حەسەکە، بەتۆمەتی نارەواو بێبنەما گیراوەو لەزیندانداە توونڈ کراوەو چارەنووسیشی نادیارە. پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆ داوای ئازادکردنی ئەو کوردەی کردووەو لەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤو لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمیو جیهانی خواستووە کە دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوەو گوشاری خۆیان بۆ ئازادکردنی ئەو وڵاتیە لەسەر رژێمی سوریا چڕبکەنەوە.

خەلیفان: خەڵکی شارەکە نیگەرانن

بە گوێرەی زانیاریەکان ماوەیەك لەمەوبەر چەندین ژنە عەرەب لەکەرکوکەوە بە چاوساغی کەسێکی دانیشتووی شارەکە هاتبوونە خەلیفانو خانوویان بەکرێ گرتبوو، ببوونە جێگەی گومانو نیگەرانی خەڵکەکە چونکە هەست دەکرا ئەو ژنانە کاری لەشفرۆشیو بەدرەوشتی ئەنجام دەدەنو لاوانی شارەکە بەلای خۆیانەوە رادەکێشنو گرفتاریان دەکەن. لەترسی هەڕەشەی خەڵکیشارەکە رۆژی ٢٠٠٦/١/١٢ خانووەکە چۆڵ دەکەنو خۆیان لەبەرچاوان ون دەکەن. بە گوێرەی زانیاریەکان هەندێ کەسی پشت ئەستوور برەو بەو کارانە دەدەنو ژنە لەشفرۆشەکان بەرەو کوردستان دەهێننو بازرگانیان پێوەدەکەنو لێیان سوودمەند دەبن. ئەمەش خەڵکی ناوچەکەی نیگەران کردووەو رایدەگەیەنن کە چەند جار سکاڵایان لەو لەشفرۆشانە کردووەو داوایان کردووە چارەیەك بۆ ئەو دیاردە دزێوە دابنێن، بەڵام هەنگاوی پێویست هەڵنەگیراوەتەوەو ئەو کەسانە دەستگیر نەکراون کە بازرگانی بەجەستەی ژنانەوە دەکەن.

بێتوێن: ئیسلامیەکانو مەسیحیەکان ناکۆکیەکانیان گەورەتر دەکەنەوە

بە گوێرەی هەواڵەکان ئێستا رەوتی بە مەسیح کردن لەدەڤەری بێتوێن - پشدەر لەپەرەسەندن دایە، ئەو رەوتانە وایانکردووە کە ژمارەیەك لاوی دەڤەرەکە ئایینی خۆیان لەئیسلامیەوە بۆ مەسیحی بگۆڕن، ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی پیاوانی ئایینیو رەوتە ئیسلامیەکانی کوردستانی نیگەران کردووە. بەبۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحو هاتنی ساڵی ٢٠٠٦ی زاینی رەوتە مەسیحیەکان لەشوێنی تایبەت لەقەڵادزێو رانیە ئاهەنگی خۆیان بەڕێوەبردبوو، ژمارەیەك خەڵکیان میوانداری کردبوو. لەبەرانبەر ئەمەدا رەوتە ئیسلامیەکان هەڕەشەی توند لەرەوتە مەسیحیەکان دەکەنو داوایان لێدەکەن کە واز لە بەمەسیحیکردنی خەڵکی ناوچەکە بهێنن کە هەر هەموویان موسڵمانن، هەروەها راشکاوانە ئەو خەڵکانە لەمەترسی داهاتوو ئاگادار دەکەنەوە کە ئایینی خۆیان دەگۆڕنو هەڕشەی چارەنووسی لەناوچوونیان لێدەکەن. رەوتە مەسیحیەکان لەبەرانبەر هەڕەشەکانی رەوتە ئیسلامیەکاندا نەرمی دەنوێننو پاساویان ئەوەیە کە خەڵك لەگۆڕینی ئایینی خۆی ئازادەو کەس بەزۆرەکی بە سەریاندا ناسەپێنێو کەسی بە زۆرەکیش ناتوانێ مرۆڤ لەسەر باوڕێك بهێڵێتەوە. خەڵکی ناوچەکە لەناکۆکی نێوان ئەو رەوتانەدا نیگەرانەو هەست بە مەترسی خوێنڕشتن دەکەن.

جوندیان: کچێك هەوڵی خۆ کوشتن دەدات

رۆژی ٢٠٠٦/١/١٤ کچێکی تەمەن٢٣ ساڵ لەهاوینەهەواری جوندیان دەست بۆ خۆکوژی دەباتو بە دەمانچە گوللەیەك لەخۆی دەداتو بەسەختی برینداردەبێت. کەسو کاری کچەکە بە پەلە بۆ نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێر دەیگوازنەوە و هەوڵی تیمارکردنی دەدەن. تا ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە، بەڵام لەم ساڵانەی رابردوو ژمارەیەکی زۆر لەکچو ژنانی کوردستان لەبەر کێشەو گرفتی بنەماڵەکانیان بە رێگەی جۆراوجۆرەوە خۆیان کوشتووە یان هەوڵی خۆ کوشتنیان داوە.

پیرمام: گومانلێکراوێك دەستگیر دەکرێ

هەروەك مانگی رابردوو بڵاومان کردبۆوە کە وڵاتی (عەلی عومەر) لەنێو رەزەکەی خۆیدا لەبناریچیای سەری رەش بە شێویەکی گوماناوی کوژرابوو. لەسەرەتاوە گومان لەخزمە نزیکەکانی خۆی دەکراو لەم بارەیەوە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردبوو، سەرئەنجام لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە برایکی کوژراو بۆ خۆی بەدەمانچەی بێدەنگ ئەو تاوانەی کردووەو براکەی خۆی کوشتووە. ئێستا گومانلێکراوەکە لەلایەن پۆلیسەوە گیراوەو دادگە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات.

پارتەکانی رۆژئاوای کوردستان بۆ کاری هاوبەش بڕیار دەدەن

بەگوێرەی هەواڵەکان رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/١٧ رێکخستنی پارتەکانی رۆژئاوای کوردستان لەئەڵمانیا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان پێکهێناوەو بڕیاریان وەرگرتووە کە لەمەودوا هەموو رێکخستنەکانیان بەیەکەوە کاری هاوبەش لەپێناوی سەرخستنی کێشەی نەتەوەی کورد بەڕێوەببەنو وەك یەك گروپ لەدەرەوەی وڵات تێبکۆشنو بەدوای چارەسەرێکی دیموکراسیانەو ئاشتیخوازانەی دۆزی کورد هەنگاو هەڵبگرنەوەو لەچوارچێوەی بنەماکانی پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی مافی نەتەوەی کورد مسۆگەر بکەن. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریان داوە کە ئەمساڵ لە ٢٠٠٦/٣/٣١ لەشاری برۆکسل، پێتەختی وڵاتی بەلجیکا بە هاوبەشی ساڵیادی راپەڕینی قامیشلۆ بکەنەوەو رێپێوانێکی پرشکۆ سازبکەن، هەروەها بڕیاریان داوە کە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بە هاوبەشی لە ٢٠٠٦/٣/١٨ لەشاری دۆرتموندی ئەڵمانیا بگێڕن.